# رازی مانەوەی خاک

(شیعر و ژیانی مارف ئاغایی)

www.ketab.ir

| | | |
|---|---|---|
| سرشناسه | : | حبیبی، هادی، ۱۳۶۰ - |
| عنوان و نام پدیدآور | : | رازی مانەوەی خاک : (شیعر و ژیانی مارف ئاغایی)/به هاوکاری فەتاح ئەمیری....[و دیگران] ؛ کو کراوەی هادی حەبیبی (هاوری). |
| مشخصات نشر | : | سنندج: آمیار، ۱۳۹۴. |
| مشخصات ظاهری | : | ۳۴۰ص.:مصور. |
| شابک | : | 978-600-95997-0-7 |
| وضعیت فهرست نویسی | : | فیپا |
| یادداشت | : | کردی. |
| یادداشت | : | کتابنامه به صورت زیرنویس. |
| عنوان دیگر | : | شیعر و ژیانی مارف ئاغایی. |
| موضوع | : | آقائی، معروف، ۱۳۴۳ - ۱۳۷۶. -- سرگذشتنامه |
| موضوع | : | شعر کردی -- قرن ۱۴ |
| شناسه افزوده | : | امیری، فتاح، ۱۳۲۵ - |
| رده بندی کنگره | : | ۱۳۹۴ ۲۵ح۲۴۴۲آ/۳۲۵۶PIR |
| رده بندی دیویی | | ۳۱/۹فا۸ |
| شماره کتابشناسی ملی | : | ۸۵-۴۳۹۱۸/ |

انتشارات آمیار

## ناسنامە

| | | |
|---|---|---|
| ناوی کتێب | : | رازی مانەوەی خاک |
| کۆکراوەی | : | هادی حەبیبی |
| پیت چنی | : | شاسه نه م |
| نۆبەتی چاپ | | یه که م (۱۳۹۵) |
| ئەژمار | | ۲۰۰۰ دانه |
| نرخ | : | ۱۵۰۰۰ تمەن |
| بڵاوکردنەوە | : | پەخشانگای ئامیار |
| شابک | : | ۹۷۸-۶۰۰-۹۵۹۹۷-۰-۷ |

سنه ـ پاسازي عیززەتي ـ نهۆمي یەکەم ـ تەلەفوون: ۳۳۱۵۳۶۲۵ ۸۷ ۹۸+
amyarbooks@gmail.com


www.ketab.ir

# نێوەرۆک


پێشەکی ........................ ٧

مارف و شێعری ئەورۆی ئێمە ........................ ١٢

چەند دەمێک لەگەڵ مارف ........................ ١٧

من مارف وەک وڵاتەکەی دەبینم ........................ ١٨

مەدای نامۆیی ........................ ٢٨

شێعری مارف، شێعرێکی جیاواز بوو ........................ ٣٧

ئەو پیاوەی زۆرترین فرمێسکی پێ هەڵڕشتین ........................ ٣٩

بیرەوەری ئاشنابوون ........................ ٤٥

مارف کەم ژیا، بەڵام سەدان ساڵ زیندەگی کرد ........................ ٤٩

وێنەی خۆشەویستی ........................ ٥٤

ئەو شاعیرەی وەک شێعرەکانی جوان بوو ........................ ٥٨

مارف ئۆلگووی من بوو ........................ ٦٢

شێعری کوردی و نەبوونی مارف ........................ ٦٤

من و تۆ و ماڵی بێ‌تۆ ........................ ٧١

مارف، هەموو کەس خۆشی دەویست ........................ ٧٨

١٣ ساڵ دەگەڵ مارف ........................ ٨١

لێکۆڵینەوە ........................ ٩٧

مارف ئاغایی، شاعیری هەرێمی مەرگ و چۆڵەوانی ........................ ٩٨

نیشتمان لە شێعرەکانی مارف ئاغاییدا ........................ ١١٧

کاردانەوەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی لە سەر نووسراوەکانی 'مارف ئاغایی'
........................ ١٢٧

'مارف'ی شاعیر لە روانگەی شێعری 'مارف'ەوە ........................ ١٤٠

شاعیرێکی جوانەمەرگ و چەند کورتیلە چیرۆک ........................ ١٧٩

هەناسە شێعرییەکان و 'پەیام'ی مارف ئاغایی ........................ ١٨٩


www.ketab.ir

دیالێکتیکی هەڵکشان و داکشان لە مێژووی شێعری نوێی کوردیدا..... ۲۰۲
مارف و ڕیالیسم ........................................ ۲۳۱
مارف ئاغایی و ڕەوتی ڕۆشنبیری و ڕوانینێکی نوێ........................ ۲۴۶
گەشتێک لە دنیای شێعرەکانی مارفدا ........................ ۲۵۶
مارف ئاغایی، شاعیری تەنیایی و ماڵاوایی ........................ ۲۶۶
گریانە شێعر ........................................ ۲۸۳
مەرگی شاعیر ........................................ ۲۸۴
مارف ئاغایی: شێعری کشاو و بارانێکی جوانەمەرگ........................ ۲۸۸
سەفەر ........................................ ۲۹۳
پڕ ی ئاو ........................................ ۲۹۵
بێبە ی ........................................ ۳۰۰
ئاوڕ ........................................ ۳۰۲
شێعرێکی ناتەما ........................................ ۳۰۴
کۆچی قەڵەم ........................................ ۳۰۵
بزەیەکی نەپشکووتوو ........................................ ۳۰۶
بیرەوەری ........................................ ۳۰۹
(...) ........................................ ۳۱۱
هەڵکشانەوەی ماسی لە چۆمدا........................................ ۳۱۲
ئەم هەرەسە و... خەڵووزی جەستەکەی عەزیە کوێی داسنیان........ ۳۱۴
(...) ........................................ ۳۲۰
(...) ........................................ ۳۲۲
شۆڕەسوار ........................................ ۳۲۳
وێنەکان........................................ ۳۲۹

## پێشەکی

با سەرەتا ئەم ڕاستییە بدرکێنم کە بێگومان لام وایە، حەق وا بوو کە مامۆستا ئەحمەدی قازی پێشەکی بۆ ئەم کتێبە نووسیبا. چون مامۆستا قازی هەر لە سەرەتای داره داره کردنی مارف لە سروەدا تا دەگاتە چڵەپۆپە، چاوەدێری حاڵ و دەولەکانی مارف بووە، ئەمە لە لایەک، لە لایەکی تریشەوە ئاستی ئەدەبی «مامۆستا قازی»م ئەوەندە پی بەرزە کە بتوانێ لە سەر بەرهەمەکانی مارف «قســـە»ی بۆ گوتن پێ بێ.

بە هەر حاڵ، ئەم قورعەیە وەبەر من کەوتووە و بە ڕاستی پێم کارێکی دژوار و سەختیشە، ئەویش بە یەک هۆی سەرەکی:

ئەم کتێبە کە بەشە سەرەکییەکەی، سەرجەم ئەو بابەتانە لە خۆوە دەگرێ کە لەوە پێش لێر و لەوێ لە سەر بەرهەمەکانی مارف ـ بە تایبەتی دەقە شیعرییەکانی ـ چاپ کراون، دەکرێ بڵێین زۆر وتاری پوخت و پاراوی تێدایە کە شتێکی ئەوتۆیان لانی کەم بۆ من نەهێشتۆتەوە. هەر چەند من بۆ خۆشم وتارێکم هەیە کە لە سەر کورتیلە چیرۆکەکانی مارف نووسراوە، کە وا بوو پێم وایە باشترە ئەم

www.ketab.ir

پیشەکییەش نەبێتە چەشنێ خوێندنەوەی سەر لە نوێی شێعر یان چیرۆکەکانی مارف، چون ئەم بەرهەمانە بە تەسەلی باسیان لێوە کراوە. هەر بۆیە حەز دەکەم لایەنێکی دیکەی کەسایەتی مارف بخەمە بەر سەرنجی خوێنەرانی ئەم کتێبە، کە هەست دەکەم زۆر کەمتر باسی لێکراوە و ئەویش کەسایەتییە ڕۆژنامەوانییەکەی مارفە.

ڕەنگە زۆر جار کە تۆ باسی نووسەرێک، شاعیرێک، هونەرمەندێک و... دەکەی بە زەبری تیری تیژی ڕەخنە بیپێکی و نەیپارێزی، بەڵام کاتێک دەتەوێ باس لا شاعیرێکی جوانەمەرگ بکەی، ڕەنگە هەندێ هەست و سۆزت تێکەڵ بە نووسینەکەت بکەی، هەر بۆ وێنە لە زۆر وتاری ئەم کتێبەدا سێبەری ئەم سۆزە بە ڕاشکاوی دیارە.

من پێم وایە ناکرێ مارف وەک جەرەیانسازێکی شێعری هاوچەرخی کوردی لە قەڵەم بدەین، ناکرێ شێعرەکانی مارف بە شاکاری شێعری کوردی بزانین، ناتوانین شوێنپەنجەی شێعری مارف لە سەر شاعیرانی دوای خۆی بدۆزینەوە... دەی باشە پرسیارێک کە لێرەدا قوت دەبێتەوە ئەوەیە کە مارف بۆچی لە لای هەمووان ئەوەندە ڕێز و حورمەتی هەیە؟

بە باوەڕی من وڵامەکە ئەوەیە کە مارف مرۆڤێکی بزۆز بوو، «ساتێ هەدادانی نەبوو». لە ڕاوەستان بێزار بوو، دایمە بە شوێن ئەم پرسیارانەوە بوو کە کۆتاییان نەدەهات. هەر لێرەدا حەز دەکەم جەمسەری ئەم باسە لە گەڵ کەسایەتییە ڕۆژنامەوانییەکەی مارف گرێ بدەم.

لە ڕاستیدا مارف کەسایەتییەکی فرەڕەهەندی هەبوو، هەر لە کەسایەتییە ئەدەبییەکەیەوە بگرە تا کەسایەتییە ڕۆژنامەوانییەکەی.

www.ketab.ir

مارف وەک تاکێکی ڕۆشنبیری ئەم کۆمەڵگایە، بە باشی هەستی بەمە کردبوو کە پەروەردە کردنی قەڵەمە گەنجەکان پێداویستییەکی حاشاهەڵنەگری کۆمەڵگای داهاتووی کوردەوارییە و هەر بۆیە «سروە»ی وەک باشترین شوێن بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەم ئەرکە دیت، لە بیرمە بەشێکی دانابوو بۆ وەڵام دانەوەی نامەی خوێنەران و نووسەران و زۆر بە وردی و لێپرسراوانە وەڵامی بۆ خاوەن بەرهەمەکان دەنارد و بەو پەڕی ڕێز و حورمەتەوە هەڵسوکەوتی لە گەڵ دەکردن. ئەو کەسانەی کاری ڕاپەڕاندنی ڕۆژنامە و گۆڤاریان لە ئەستۆیە، باش دەزانن ئەوەها ئەرکێک تا چ ڕادەیەک پشووبڕ و تاقەتپڕووکێنە. مارف خۆی کردبوو بە پردێکی پەیوەندی لە نێوان سروە و خوێنەراندا، پردێکی ئەوەندە پتەو کە لە ماوەی ساڵەکانی دوایی تەمەنی مارفدا، سروە دەگاتە ئاستێکی بەرچاو بەهێز، هەرچەند تاقمێک ـ وەک کاری هەمیشەیی‌یان ـ «بەردیان گرتە ئاوێنەی نێوچاوانی مارفەوە»!

جگە لەم پەیوەندییە بەرچاوەی کە لە گەڵ زۆربەی نووسەران و خوێنەراندا سازی کردبوو، ئەوەی جێی خۆیەتی لێرەدا باسی لێبکرێ لە پەیوەندی لە گەڵ کەسایەتی ڕۆژنامەوانی مارفدا ئەوەیە کە مارف گرینگییەکی تایبەتی دەدا بە وتووێژ لە گەڵ نووسەران و شاعیران و ... کە بە داخەوە بڵاوکەکانی ئێمە، ئێستاش زۆر سەرنج نادەنە وتووێژ و ئەم کەلەبەر وەک خەسارێکی جیددی لە دەڤەری چاپەمەنی کوردیدا خۆ دەنوێنێ. یەکەم ژمارەی تایبەت بە وتووێژ (کە پێم وایە دوایین ژمارەش بوو) کە وەک پاشکۆی سروە ساڵی ١٣٧٦ی هەتاوی بڵاو بۆوە و لەگەڵ زۆر نووسەر و شاعیری

www.ketab.ir

بەناوبانگ وتوویژ کرابوو، بەرهەمی حەولی ماندوویی‌نەناسانەی مارف بوو. کارێک کە لە چەشنی خۆی‌دا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێ‌وێنە بوو و وەک ڕچەشکێنی سەیر دەکرا و وەباڵی بە هێز بوونی وتوویژەکانیشی بۆ دەکێشم.

بە هەر حاڵ بە لای منەوە وەک کەسێکی کە لە نزیکەوە مارفم دەناسی و پەیوەندیم لە گەڵی هەبوو کەسایەتی ڕۆژنامەوانی مارف بە تەواوی تایبەتمەندییەکانیەوە بۆ من لە کەسایەتییەی شێعرییەکی بەرزتر بوو، ئەمەش نەک لە پلە و پایەی مارف تۆسقاڵێک کەم ناکاتەوە، بەڵکوو ڕێک بە پێچەوانە. بە ڕاشکاوییەوە دەڵێم ئێستاش ئێمە ڕۆژنامەوانی وەک مارفمان نییە.

لە کۆتایی‌دا با ئاماژە بەم خاڵەش بکەین کە گرینگی وەها کتێب‌گەلێ دەکرێ لە دوو خاڵدا کۆ بکرێتەوە:

یەکەم: ئەم چەشنە کتێبانە جۆرێ ڕێزگرتن و حورمەت لێنانە لە نووسەران و شاعیران و...ی نەتەوەکەمان، یارمەتیمان دەدەن کە «پەتای فەرامۆشی» کە دەمێک ساڵە پێیەوە دەناڵێین فەرامۆش بکەین! بە لای منەوە ئەگەر ئەم جۆرە بەرهەمانە بە زیندەسەری نووسەر ئەنجام بدرێن، بایخەکەی سەد هێندەی تر دەبێ، با هەر نەبێتە ڕێز گرتن لە شاعیر و نووسەری کۆچ کردوو!

دووەم: کۆ کردنەوەی ئەم وتارانە لە سەر بەرهەمی ئەدیب یان هونەرمەندێک لە دووتوێی کتێبێکی سەربەخۆدا دەمێکە لە ناو نەتەوەکانی تردا باوە و ئەم کتێبانە وەک ڕێفرێنس سەیر دەکرێن و دەبنە هۆی ئەمە کە بەر بە دووپاتەکاری بگیرێ، واتە بە یارمەتی ئەم کتێب‌گەلە ڕەخنەگر یا توێژەر دەتوانێ بێ خۆماندوو کردنێکی

www.ketab.ir

ئەوتۆ، سەرجەم ئەم وتارانەی لە سەر شاعیر یان چیرۆکنووسی مەبەستی، نووسراون وە دەست بخات. ئەم شێوە کارانە لە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژاوایی‌دا دەبێتە تێزی ماستەر و دوکتۆرای خوێندکارانی باڵای زانستگا، کە نیشاندەری گرینگی وەها کارگەلێکە.

وەک دواوتە: هەزاران سڵاو لە گیانی شاعیر و ڕۆژنامەوانی جوانەمەرگ مارف ئاغایی و هاوڕێیانی کۆچە سوورەکەی جەعفەر قازی و سەرتیپ مەنسووری. سپاس بۆ کاک هادی خۆشەویستم کە ئەم هەلەی بۆ ڕەشاندین چەند تنۆکێک فرمێسکی ماڵاوایی‌یەکی دووبارە هەڵڕێژین.

ناسر باباخانی

مەهاباد - ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٨٥

www.ketab.ir